www.kurdistannet.org
13:16 13-2-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەستەکان کەشفن... جەلال ڕەووف ئەمین

ئەگەر ئاورێک لەڕابوردو بدەینەوەولاپەڕەی مێژووی بزوتنەوەوڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکانی بەشەکانی کوردستان هەڵدەینەوە دەبینین لەخۆڕانەبووە کەڕابەرەکانیان وەک شێخ سەعیدوشێخ مەحمودوقازی ومەلامستەفاش نەهاتون بەناوی ئیسلامەوە بەرگری وبەرهەڵستکاری داگیرکەرانی نیشتمان بکەن لەبەرئەوەی زانیویانەوهەموو مرۆڤەکانی گۆی زەویش ئەوە دەزانن کەئیسلامیەت تەنها بۆ داگیرکاری بەکارهاتووە نەک بۆبەرگری بۆیە دەڵێم دەستەکان کەشفن ئیسلامیەکانی دەڤەری ئێمە پێش ڕاپەرینی{١٩٩١}یان نەبوون یان لەجێگەی نەبوان بوون سەیریان کەن ڕابەرەکانیان لەمەلاعوسمانەوە بۆ یەکەبەیەکەیان بەناوی جیاوازوهەمان ناوەرۆکیانەوە کەلێیان ئەکۆڵیتەوە مێژویەکی کۆنی پەیووەندداریان هەیە لەگەڵ باڵوگروپە ئیسلامیەعەرەبیەکاندا بەتایبەت{ئیخوان مسلمین} کەڕۆژانی بەئەندام بونیان دەگەڕێننەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی مێژوی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە{١٩٧٥}دا ئەی کەواتە لەوهەمووکارەساتی ئەنفال وکیمیا باران وگوند وێران کردنەی بەسەر گەلەکەمانداهات ئەمانە بۆ نەیانتوانی کاریگەرییان هەبێت لەسەر شەقامی ئیسلامی عەرەبی کەبەتایبەت سورەتی ئەنفالەکەی ئەوان بەکارهات بۆ لەناوبردنی ئەوهەموومنداڵ وخەڵکە سیڤیلە یان ئەوەتا هاودەنگوهاوڕا چاک دەزانن کە دەسەڵاتی ئیسلام ئەجێندای خۆیان نەگۆڕیوە لەسەردەمی عومەر و سەعدی کوڕی وەقاسەوە بۆ سەردەمی سەدام و علی حەسەن مەجید بەئێستاشەوە لەوسەردەم و کارەساتانەدا ئیسلامییەکان هیچیان نەکرد یان نەیانتوانی یان خۆیان بەنەبوو دابنێنن ئەمانە هەمووی چونیەکن لە ناساندنی ڕوی ڕاستیدا ئێوە ئەرکی سەرشانتانەو پێتان سپێردراوە لەکۆن وئێستاوداهاتوشدا کەیەک پارچەیی خاکی ئیسلام وپیرۆزییەکانی بپارێزن وئاگاداریین کوردستانیش دواپێگەی بەئیسلام کراو و داگیرکراوە کە ئەوان واتە عەرەبی ئیسلامی دەست بەرداری نابن ولەوپرۆسە داگیرکاریەشدا بەشداریتان پێدەکەن وبەکرێشیان گرتون هەربۆیە لە ئاشوب و تێکدانیماڵی کوردیدا بەکارتان دێنن کە ئەوەتا شەقامی کوردی هان ئەدەن کە دژی نوسەروڕۆشنبیرانی خۆیان بن و نەهێڵن فزە هەبێ لەئاستی مەزهەب و دیندا وائەکەن کە کوڕە شەهیدێکی وەک مەریوان هەڵبجەیی لەناو خۆدا بە دەستی خەڵک بکوژرێ وئاگری فیتنەو شەڕێکی ئەهلی خۆش ئەکەن لەناو چین وتوێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا. لەگەڵ داوای یارمەتی لەبەڕێز عەبدوڵاپەشێو لەکۆتایدا پێتان ئەڵێم:-

سەرتان داخەن ملتان کەچ کەن چاو مەگێڕن بۆ عەرەب وئیسلام وخوا ئەوەی سەربەخۆیی خاکی نەبوو خۆی و بونی پیرۆزی کوا

٢٠٠٦-٢-١٢